کۆمەڵەی یۆگا لە کوردستان
YOGA ASSOCIATION IN KURDISTAN

زنجیرە کتێبی
کۆمەڵەی یۆگا
لە کوردستان ٢

# کێکی بەهەشتی داپیرە

جەبران خەلیل جەبران



د.محمد ئەحمەد

لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی

Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner

# پێشەکی زنجیرە بە قەڵەمی هاوبیر کامەران

وەك هەوڵی هەمیشەییمان گەیاندنی پەیامەکانی عیرفان و ئاوەلاکردنی دڵ و گەیاندنی سەداکەی بە دڵی خوێنەری کورد لە ئەرکەکانمانە. چاپکردنی کتێبی (کێکی بەهەشتی داپیرە)ی جەبران خەلیل کە بەرێز دکتۆر محمد ئەحمەد کردویەتی بە کوردی لە زمانی فارسیەوە، دەبێتە سێهەم کتێب لە زنجیرە کتێبی کۆمەڵەی یۆگا لە کوردستان. ئەم سەرچاوەیە بەدەر لەوەی سەرچاوەیەکی ئەدەبی ناسك و جوانە و کۆمەڵێك کورتەچیرۆکی جوانی لەخۆیدا هەڵگرتوە، سەرچاوەیەکی باشی دەنگی دڵ و گەڕانەوەیە بۆ نەوای ناوەکی مرۆڤ کە تیایدا هەموو شتێك ئارام و جوان و درەوشاوە دێتە بەرچاوان و دەبێتە ڕێگەیەك بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و ئارامی و خۆشەویستی جیهانی. جەبران لە باشترین ئەو نوسەرانەیە کە جیهان



Scanned with CamScanner

شانازیان پێوەدەکات، ئەو بەشێوەیەك دەنوسێت وەك ئەوەی لەنێو دڵی هەمواندا جێگەیەکی تایبەتی هەبێت و سەفیری زەمیری ناوەکیمان بێت. جەبران بێجگە لەوەی ئەدیبێکی ناسراوە لەهەمانکاتدا قەشەیەکی سەر بە ئایینی مەسیحی بووە، شارەزایی ئەو لە کتێبی پیرۆز و ئاینی مەسیحیەت و بینینی هەڵەی گەورەی قەشەکان لە ناشرینکردنی جیهانی ماددی و جیاکردنەوەی ڕۆحانیەت لە ماددیەت، وای کردبوو جەبران لە سەردەمی خۆیدا هەوڵی ڕاستکردنەوەی هەڵە زەقەکانیان بدات. بۆ نمونە لە کورتە چیرۆکی (کتێبی پیرۆز) کەلەم پەڕاوەدا باسیکراوە ڕەخنە لە ئایەتێکی نێو ئینجیل دەگرێت و لەگەڵ ئەوەیە کە مرۆڤ چارەسەری کێشەکانی ناو هۆش و ئاگامـاندی خۆی بکات وەك ئەوەی کە ئازاری جەستەی خۆی بدات، چونکە کێشەی مرۆڤ لە جەستە و ڕەمەکەکانیدا نیە بەڵکو کێشەی گەورەی مرۆڤ لە هۆش و ئاگاییەکەیدایە کە وای لێدەکات پەی بەهەقیقەت نەبات و نەتوانێت لە هارمۆنیەتدا بژی.

پاش دەستخۆشیەکی زۆر لە وەرگێڕی ئەزیزی ئەم بەرهەمە خۆشحاڵین کە وەها بەرهەمێك دەخرێتە کتێبخانەی کوردیەوە.

وەك پرۆژەی زنجیرە کتێبی کۆمەڵەی یۆگا لە کوردستانیش دەرگامان ئاوەڵایە بۆ هەر نوسەرێك کە بیەوێت لە بوارەکانی عیرفان و فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتیدا بەرهەمی تازەی پێشکەش بکات.

هاوبیر کامەران حەمەامین

زنجیرە کتێبی کۆمەڵەی یۆگا لە کوردستان



Scanned with CamScanner

# پێشەکی وەرگێڕی کوردی

گۆشە نیگای هەر مرۆڤێك لەتەك هەر دیاردەیەکی ڕۆحی و سروشتی ئاراستەی ڕەهەندێکی تایبەت بەخودی مرۆڤەکە دەکرێت. چەندە مرۆڤ لە ئاست دیاردەکاندا ناسك بوبێتەوە ئەوەندەش ڕوانگەکەی زەریفە. لێرەوە مرۆڤ وەکوو یەکەیەکی سروشت حەز دەکات بەشداریەکی ئەوتۆی هەبێت لە دیاردەی گەردوون (بوون). مرۆڤ لەو پێکهاتەیەدا ویستی هەیە کە ئیش بکات، سەما بکات، گۆرانی بچڕێت، هۆنراوە هەڵبەستێت و چەندەها چالاکی تر بکات کە هەڵقوڵاوی زاتی ئەوە بۆ دروستبوونی کەونێکی پڕ لە جوڵە، بەڵام خەڵکانێکی کەم هەن کە بتوانن دەربڕینیان بەشێوەیەك بێت کە زمانحاڵی خەڵکێکی فراوان بێت و بتوانێت هاوارێك بکات کە فریادی کەسانی زۆر بێت.



Scanned with CamScanner

جەبران خەلیل جەبران لەڕێگەی نووسینەوەکانیەوە پەیامی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەی خەڵکینە چاوی نیگاتان بەرەو گەردوون بشۆن و بە بێگەردی و بێ دوو ڕوویی ڕۆڵی خۆتان لە دونیادا بەڕێوەبەرن.

کورتەچیرۆکەکانی جەبران کە زۆربەیان ڕیشەی ڕاستەقینەی لە ژیانی نوسەردا هەیە، ئاماژە بە شتگەلێك دەکات کە بەش و تەوەری سەرەکی ژیانی هەموو کەسێکە و لە دەربڕینیاندا تێکەڵ بە هەستی ناسکی جەبران خەلیل جەبران دەبێت.



Scanned with CamScanner

# کێکی بەهەشتی دا پیرە

مێردمناڵێك بۆ پیرەدایکی باس دەکرد کە چۆن هیچ شتێك تەواو نییە. قوتابخانە، خێزان، هاوڕێیان و شتانی تر.

لەم کاتەدا داپیرە کە خەریکی دروستکردنی کێکە، پرسیار لە کوڕە بچکۆلانەکە دەکات کە ئایا حەزی لە کێکە و وەڵامی ئەویش دیارە کە بەڵێیە.

ئەی حەزت لە ڕۆنە؟

- نا!

- ئەی دوو دانە هێلکە؟

- نا! دایە گەورە.

- ئاردت پێچۆنە؟ حەزت لێیەتی؟ ئەی جۆشی شیرین؟

- نا دایە گەورە، من لەوانە بێزارم.



Scanned with CamScanner

- بەڵێ، هەموو ئەوانە ناخۆش دەردەکەون، بەڵام کاتێك بە دروستی تێکەڵیان بکەین کێکێکی بەتامیان لێدروست دەبێت. خواوەند بەم شێوەیە ئیش دەکات. زۆر جار پێمان سەیرە کە خواوەند بۆچی دەبێ بهێڵێت ئێمە وەها دەورانێکی سەخت تێپەڕێنین، بەڵام ئەو بە باشی دەزانێت کە کاتێك هەموو ئەم سەختیانە بە ڕاست و دروست لەپەنای یەکتر دابنێین، ئەنجامەکەی هەمیشە باش دەردەچێت! ئێمە تەنها دەبێت پشت ببەستین بە ئەو، لە کۆتاییدا هەموو ئەم پێشهاتانە بەیەکەوە ئاکامێکی زۆر باش دەدەنە دەست.



Scanned with CamScanner

# هێزی وشە

چەند بۆقێك لە دارستانێكدا تێپەڕ دەبوون كە لەناكاو دووان لەوان كەوتنە چاڵێكی قوڵەوە. بۆقەكانی تر لە قەراغ چاڵەكە كۆبوونەوە و كاتێك بینیان چاڵەكە چەندە قوڵە بە دوو بۆقیلەكەی تریان وت كە ئیتر چارەیەك نییە، ئێوە بەمزووانە دەمرن.

دوو بۆقیلەكە گوێیان نەدایە ئەم قسانە و هەموو توانای خۆیان خستەگەڕ بۆ هاتنەدەرەوە لە چاڵەكە، بەڵام بۆقەكانی تر بە بەردەوامی دەیانگوت كە چیتر هەوڵ مەدەن، چونكە ناتوانن لە چاڵەكە بێنەدەرەوە، ئێوە بەم زووانە دەمرن. دواجار یەكێك لە بۆقیلەكان خۆی دایە دەست وتەكانی بۆقەكانی تر و دەستی لە هەوڵدان كێشایەوە. ئەو یەكسەر كەوتە ناو چاڵەكەوە و



Scanned with CamScanner

مرد.

بەڵام بۆقیلەکەی تر بە هەموو توانای خۆی بۆ هاتنەدەرەوە لە چاڵەکە هەوڵیدەدا. بۆقەکانی تر هاواریان دەکرد واز لە کۆشش بێنە، بەڵام ئەو بە توانا و گڕوتینێکی زیاترەوە هەوڵی دەدا و دواجار لە چاڵەکە هاتەدەرەوە.

کاتێك لە چاڵەکە هاتەدەرەوە بۆقەکانی تر پرسیاریان لێکرد: مەگەر تۆ گوێت لە قسەکانی ئێمە نەبوو؟

دەرکەوت کە بۆقیلەکە کەڕە. لە ڕاستیدا ئەو لەو ماوەیەدا وای دەزانی ئەوانی تر هانی دەدەن بۆ هاتنە دەرەوە لە چاڵەکە.



Scanned with CamScanner

# ئەو دیو پەنجەرەکە

لە نەخۆشخانەیەك، دوو پیاوی نەخۆش لە ژورێکدا خەوێندرابوون. یەکێك لە نەخۆشەکان ڕێگەی پێدرابوو دوانیوەڕۆی هەموو ڕۆژێك کاتژمێرێك لەسەر قەڵەوێرەکەی دابنیشێت. قەڵەوێرەی ئەو لە پەنا تەنها پەنجەرەی ژورەکە بوو، بەڵام نەخۆشەکەی تر ناچار بوو هیچ نەجولێت و هەمیشە پشت بە هاوژوریەکەی لەسەر قەڕەوێڵەکەی بخەوێت. ئەوان کاتژمێرێك بەیەکەوە قسەیان دەکرد، سەبارەت بە هاوسەر و خێزان و سەربازی و پشووەکانیان بە یەکەوە وتووێژیان دەکرد.

دوانیوەڕۆی هەموو ڕۆژێك ئەو نەخۆشەی کە قەڕەوێڵەکەی نزیك پەنجەرەکە بوو، دادەنیشت و هەموو ئەو شتانەی کە لە دەرەوەی پەنجەرەکە دەیبینی بۆ هاوژورەکەی دەگێڕایەوە.



Scanned with CamScanner

نەخۆشەکەی تر لەم ماوەیەدا بە بیستنی بار و دۆخ و حاڵ و هەوای دنیای دەرەوە، ڕۆح و دەرونی خۆی ئاوەدان دەکردەوە.

ئەم پەنجەرەیە بەرامبەر باخێك بوو کە دەریاچەیەکی قەشەنگی هەبوو. قاز و مراوی لە ناو دەریاچەکەدا مەلەیان دەکرد و منداڵەکان بە بەلەمە دەستکردەکانیان لەناو ئاوەکەدا سەرگەرمی یاری کردن بوون. درەختە دێرینەکان جوانیەکی تایبەتیان بە دیمەنی دەرەوە بەخشیبوو و وێنەیەکی جوان لە شارەکە لە ئاسۆی دورەدەستدا دەبینرا. هەر وا کە پیاوی تەنیشت پەنجەرەکە ئەم وردەکاریانەی باس دەکرد، پیاوەکەی تر چاوەکانی خۆی دادەخست و ئەم دیمەنانەی لە زهنی خۆیدا وێنا دەکرد.

ڕۆژ و هەفتە بەدوای یەکدا تێپەڕدەبوو. بەیانییەك پەرستارێك کە بۆ خۆشتنی ئەوان ئاوی هێنابوو، لاشەی بێگیانی پیاوی پەنا پەنجەرەکەی بینی کە لە خەودا و لە ئارامیدا جەستەی خۆی بەجێ هێشتبوو. پەرەستارەکە زۆر خەمبار بوو و داوای لە کارمەندانی خەستەخانەکە کرد کە ئەو

پیاوە لە ژوورەکە ببەنە دەرەوە.

پیاوەکەی تر داوای کرد کە قەڵەویرەکەی ببەنە تەنیشت پەنجەرەکە. پەرەستارەکە ئەو کارەی بە ڕەزایەتەوە ئەنجامدا و دوای دڵنیابوون لە ئاسودەیی پیاوەکە ژوورەکەی بەجێ هێشت. ئەو پیاوە بە هێواشی و بە ژانێکی زۆرەوە خۆی کشاندە لای پەنجەرەکە تاکوو یەکەم نیگای خۆی ببڕێتە دونیای دەرەوەی پەنجەرەکە. دواجار ئەو دەیتوانی ئەم دونیایە بە چاوی خۆی ببینێت.

بەڵام بە سەرسوڕمانی تەواوەوە ئەو تەنها دیوارێکی بەدی کرد!

پیاوەکە بانگهێشتی پەرستارەکەی کرد و پرسی چ شتێك وای کردووە هاوژوورەکەی ئەو دیمەنە جوان و دڵڕفێنانە بۆ ئەو باس بکات؟ پەرستارەکە وەڵامی دایەوە: لەوانەیە ئەو ویستبێتی ئومێد و دڵزیندووییت پێ ببەخشێت. چونکە ئەو پیاوە نابینا بوو و تەنانەت نەیدەتوانی دیوارەکە ببینێت.



Scanned with CamScanner

# سەنتێکم دۆزیەوە!

مێردمناڵێك لە کاتی هەنگاونان لەسەر شەقامێك پارەیەکی یەك سەنتی دۆزیەوە. ئەو بەدۆزینەوەی ئەم پارەیە ئەویش بەبێ هیچ زەحمەتێك زۆر خۆشحاڵ بوو.

ئەم ئەزموونە بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەو ڕۆژانی دواییش بە چاوی کراوە چاوی ببڕێتە بەردەم خۆی "بە شوێن گەنجدا". ئەو لە ماوەی ژیانیدا توانی ٢٣٩ تاکە سەنتی و ٤٨ سکەی پێنج سەنتی و ٦٩ سکەی ١٠ سەنتی و ٢ سکەی نیو دولاری و تاکە دولارێك بدۆزێتەوە. واتا کۆی ١٣ دولار و ٢٦ سەنتی دۆزیەوە.

لە بەرامبەر بەدەست هێنانی ئەم ١٣ دولار و ٢٦ سەنتە، ئەو جوانیە دلڕفێنەکەی ٣١٣٦٩ هەڵاتنی خۆر و درەخشانی



Scanned with CamScanner

١٥٧ پەلکە زێڕینە و دیمەنی درەختەکانی ئەفرای لە سەرمای پاییزدا لەکیس چوو.

ئەو هەرگیز جوڵەی هەورە سپیەکانی ئاسمانی لە حاڵێکدا لە وێنەیەك دەگۆڕانە سەر وێنەیەکی تر، نەبینی. فڕینی باڵندەکان، تیشکی خۆر و پێکەنینی هەزاران رێبوار هەرگیز نەبوونە بەشێك لە بیرەوەریەکانی ئەو.



Scanned with CamScanner

# بابەتی سەرەکی فەرامۆش مەکە

ژنێك توتیەکی کڕی، بەڵام ڕۆژی دوایی گەڕاندیەوە دوکانەکە. بە خاوەن دوکانەکەی گوت: ئەم باڵندەیە قسە ناکات. دوکاندارەکە وتی: ئایا لە قەفەسەکەیدا ئاوێنەت بۆداناوە؟ توتیەکان ئاشقی ئاوێنەن، ئەوان وێنەی خۆیان لە ئاوێنەکەدا دەبینن و دەست بە قسەکردن دەکەن. ئەو ژنە ئاوێنەیەکی کڕی و ڕۆیشت.

ڕۆژی دوایی دووبارە ئەو ئافرەتە گەڕایەوە، توتیەکە هێشتا قسەی نەدەکرد. دوکاندارەکە لێی پرسی: پەیژە چی؟ ئایا لە قەفەسەکەیدا پەیژەی تێدایە. توتیەکان ئاشقی پەیژەن.

ئەو ژنە پەیژەیەکی کڕی و ڕۆیشت، بەڵام ڕۆژی دوایی دووبارە خانمەکە هاتەوە. خاوەن دوکانەکە گوتی: ئایا



Scanned with CamScanner

توتیەکەی ئێوە لە قەفەسەکەیدا جۆلانەی هەیە؟ نا؟ کەوابێ کێشەکە لێرەدایە، هەر کە دەستیکرد بە جۆلانەکردن قسەکردنی دەبێتە هۆی سەرسوڕمانی خەڵکی. ئەو ئافرەتە بە بێ مەیلی جۆلانەیەکی بۆ کڕی و ڕۆیشتەوە.

کاتێك ئەو ژنە ڕۆژی دوایی هاتە ناو دوکانەکەوە ڕوخساری تەوا گۆڕابوو. ئەو وتی: توتیەکە مرد.

خاوەن دووکانەکە حەبەسا و پرسی؟ ئایا ئەو تەنانەت وشەیەکیشی نەدرکاند؟ زۆر بەداخەوەم!

ژنەکە وەڵامی دایەوە: با، دروست پێش مردنی بە دەنگێکی لاواز پرسیاری لە من کرد ئایا لەو دوکانە خواردنێکی توتیان نەدەفرۆشت؟



Scanned with CamScanner

# چۆن بوومە شێت

ئەمە چیرۆکی منە بۆ هەر کەسێك کە دەیەوێت بزانێت چۆن شێت بووم: لە ڕۆژانی زۆر دوور و پێش ئەوەی زۆربەی خواکان لەدایك بن، لە خەوێکی قوڵ هەستام و زانیم کە گشت دەمامکەکانم دزراون، ئەو حەوت دەمامکەی کە خۆم چنیبوومن و لە حەوت دەورانی ژیان لە سەر زەوی بە روخسارمەوە نابوون. لەبەرئەوە بەبێ هیچ جۆرە دەمامکێك لە شەقامە قەرەباڵغەکاندا دەستم بە ڕاکردن کرد و هاوارم کرد هەی دز، هەی دزە بێشەرمەکان!

پیاوان و ژنان پێم پێکەنین و هەندێکیشیان لە ترسان رویان کردە ماڵەکانیان. کاتێك گەیشتمە گۆڕەپانی شارەکە، لەناکاو لاوێك کە لەسەربانی یەکێك لە ماڵەکان وەستابوو هاواری کرد:



Scanned with CamScanner

ئەی خەڵکینە! ئەو پیاوە شێتە!

سەری خۆم بەرز کردەوە تا ئەو لاوە ببینم، بەڵام خۆر بۆ یەکەم جار ماچی لە روخساری روتم کرد و گیانم لە سۆزی خۆر داگیرسا و ئیتر زانیم کە چیتر پێویستم بە دەمامك نییە. وەك لە دۆخی سەرمەستی دابم، هاوارم کرد و وتم:

پیرۆز بێت! پیرۆز بێت لەو دزانەی کە دەمامکەکانیان دزیم.

ئاوا بوو کە بوومە شێت، بەڵام ئازادی و رزگاریم لەم شێتیەدا بەیەکەوە دۆزیەوە. ئازادی لە تەنیاییدا و رزگاری لەوەی کە خەڵکی لە زاتی من تێبگەن، چونکە ئەوانەی کە لە زاتی من بەئاگابن هەوڵدەدەن کۆت و بەندم بکەن، بەڵام نابێت بە رزگاری خۆم زۆر شانازی بکەم، چونکە دز گەر بیەوێت لە چنگ دزانی تر لە ئەماندابێت دەبێت لە زینداندا کات بەسەر بەرێت!

# ئەی دۆستی من!

ئەی دۆستی من ئەو شتە نیم کە بۆ تۆ دەردەکەوم.

ڕەواڵەتم شتێك نییە جگە لە جل و بەرگێك کە بە جوانی لە خوری دوراوە و نەخشاوە تا من لە دەستێوەردانە بێجێیەکانی تۆ بپارێزێت و تۆش لە کەمتەرخەمی من بپارێزێت، بەڵام ئەو زاتە گەورە و شاراوەی کە پێی دەڵێم "من" رازێکی نەناسراوە کە لە قوڵاییەکانی دەروونم دا جێگەی هەیە و کەسێك جگە لە من پەی پێنابات و لەوێدا بۆ هەمیشە نەناسراو و شاراوە دەمێنێتەوە.

دۆستی من! نامەوێت باوەڕ بەگشت وتە و کردارەکانم بکەیت، چونکە وتەکانی من شتێك نییە جگە لە دەنگدانەوەی ئەندێشە و بیرکردنەوەکانی تۆ و کرداری من سێبەری ئارەزووەکانی تۆیە!



Scanned with CamScanner

دۆستی من ئەگەر بڵێیت "با" بەرەو ڕۆژهەڵات لە ڕەوتدایە، بێوچان وڵامت دەدەمەوە: بەڵێ! بەرەو ڕۆژهەڵات دەچێت، چونکە نامەوێت گومان بکەی ئەندێشەی من کە بەسوار شەپۆلەکانی دەریاوەیە ناتوانێت لەتەك با بکەوێتە ڕەوت و فڕینەوە، لەحاڵێکدا کە با تانوپۆی بیروبۆچونی کۆنی تۆی لە یەکهەڵوەشاند و چیتر ناتوانی دەرك بە بیروبۆچونی قوڵی من بکەی کە لە دەریاکاندا ڕەوانە. منیش نامەوێت تۆ پەی پێببەی چونکە پێم خۆشە گەشتی من لە دەریاکاندا بە تەنیایی بێت.

دۆستی من! کاتێك تۆ بەرەو ئاسمانی خۆت بەرز دەبیتەوە، من بەرەو دۆزەخی خۆم قلْ دەبمەوە و لەگەڵ ئایندەدا روبارێکی بێبوار لە نێوانماندا دێتە کایەوە بەڵام بەرەو یەکتر هاوار دەکەین و بە دۆست بانگهێشتی یەکتر دەکەین.

من نامەوێت تۆ دۆزەخی من ببینی چونکە بڵێسەکانی دیدەکانت دەسوتێنێت و دوکەڵەکەی ئازاری لوتت دەدات.

من نامەوێت تۆ دۆزەخی من ببینی و باشترە من لە



Scanned with CamScanner

دۆزەخی خۆم دا بەتەنیا بم.

دۆستی من! تۆ دەڵێیت راستی و پاکداوێنی و جوانیت زۆر خۆش دەوێت و منیش لەبەر تۆ دەڵێم:

شتێکی مەزنە مرۆڤ شتانێکی وەهای خۆش بوێت لە حاڵێکدا لە دڵدا بە تۆ پێدەکەنم و خەندەی خۆم دەشارمەوە چونکە دەمەوێت بە تەنیا پێبکەنم.

دۆستی من! تۆ نەتەنیا پیاوێکی بەڕێز و هۆشیار و بێتاوانی بەڵکوو وەك پیاوێکی تەواو ئەژمار دەکرێی بەڵام من تەنیا دێوانەیەکم کە لە جیهانی سەیر و سەمەری تۆ بەدوورم. من دێوانەیی خۆم لە تۆ دەشارمەوە چونکە دەمەوێت لە جیهانی شێتیشدا بە تەنیا گوزەر بکەم.

ئەی ئاقڵ و ئەی هۆشیار! تۆ هاوڕێی من نیت. چۆن دەتوانم تۆ رازی بکەم تا دەرك بە وتەکانم بکەی؟

رێگەی من رێگەی تۆ نییە بەڵام لە تەك یەکدی و بەیەکەوە هەنگا دەنێین!



Scanned with CamScanner

# نێوان خەو و بێداری

لەو شارەی لێی لەدایك بووم ژن و کچێك هەبوون کە خوی ئەوەیان هەبوو لە خەودا بڕۆن. لە یەکێك لە شەوەکانی هاوینی جوان و ئارام، دایك و کچەکەی وەك خوی هەمیشەیی خۆیان پێخەفی خۆیان بەجێ هێشت و ڕۆیشتن و لە باخچەی تەماوی ماڵەکەیان بەیەك گەیشتن.

دایکەکە بە کچەکەی وت: "لەناو چێت ئەو دوژمنە بەدرەوشتەی من. گەنجێتی منت بە فیڕۆ دا تاکوو ژیانی خۆت لەسەر وێرانەکانی ژیانی من بنیاد بنێیت. بریا بمتوانیبایە بتکوژم و لەناوت بەرم."

کچەکە وڵامی دایەوە و وتی: "ئەی ژنی نفرینلێکراو و هیچ و پوچ و لوتبەرز! ئەی ئەوەی بویتە ڕێگر لە بەردەم



Scanned with CamScanner

ئازادی من! ئەی کەسێك کە دەیەوێت ژیانی من بکاتە ئاوێنەی ژیانە رزیوەکەی خۆی! ئایا شایەنی مردن نیت؟

لەو بەینەدا بوو کە کەڵەشێرەکە خوێندی و هەر دووکیان لە حاڵێکدا کە لە باخچەکەدا دەرۆیشتن لە خەو هەستان. دایکەکە بە میهرەبانی وتی: "ئەوە تۆی کۆترەکەی من!"

کچەکەی بە دەنگێکی شیرین وڵامی دایەوە: "بەڵێ منم دایکی میهرەبانم!"



Scanned with CamScanner

# سەگی دانا

ڕۆژێك سەگێكی دانا بەلای كۆمەڵێك پشیلەدا تێپەڕی، بەڵام كاتێك لێیان نزیكبۆوە تێگەیشت كە هیچ سەرنجێكی پێنادەن، لەبەرئەوە سەری لەكاریان سوڕما و وەستا.

لەم ناوەدا پشیلەیەكی بەهێز كە هەیبەت و گەورەیی بە ڕوخسارییەوە دیار بوو لە هاوڕێكانی ڕووانی و وتی: برایانی بڕوادار! بەردەوام بپاڕێنەوە چونكە ئەگەر پاڕانەوەكانتان بە گڕوتینەوە دوبارە بكەنەوە داواكەتان بەجێ دێت و لە ئاسمانەوە مشك دەبارێت.

سەگی دانا بە بیستنی ئەم پەندە لە دڵی خۆیدا پێكەنی و لە حاڵێكدا كە لێیان دووردەكەوتەوە بەخۆی وت: بەپێی تێگەیشتنی من لە كتێبەكان لەو پشیلانە گەمژەتر boونی



Scanned with CamScanner

نییە. مەگەر لە کتێبەکاندا نەیانخوێندۆتەوە کە ئەو شتەی بە نزا و پاڕانەوە لە ئاسمان دێتە خوارەوە ئێسقانە نەك مشك!



Scanned with CamScanner

# بەرزەفڕ

سێ پیاو چوونە ناو مەیخانەیەکەوە. یەکەمیان خەیات و دووەمیان دارتاش و سێیەمیان گۆڕهەڵکەن بوو. خەیاتەکە بە دوو دۆستەکەی وت: ئەمڕۆ کفنێکی بێهاوتا لە جنسی کەتانم بە دوو دینار فرۆشت. کەواتە با باشترین خواردنەوە بخۆینەوە.

دارتاشەکە وتی: ئەمڕۆ گرانترین تابوتی خۆمم فرۆشت کەوابێ با باشترین گۆشت لەگەڵ خواردنەوەکان بخۆین.

گۆڕهەڵکەنەکە وتی: "هاوڕێیان! من ئەمڕۆ تەنیا یەك گۆڕم هەڵکەند، بەڵام حەقدەستێکی دووقاتم وەرگرت، کەوابێ با کەمێك هەنگوینیش داوا بکەین!

خاوەن مەیخانەکە لەو شەوەدا زۆر شادومان ببوو، چونکە ئەو سێ کەسە بۆ چەندین جار داوای خواردنەوە و گۆشت و



Scanned with CamScanner

هەنگوینیان کرد و دواتر بە خۆشحاڵیەوە دەستیان بە سەما کردن کرد.

خاوەن مەیخانە بە ڕازیبوونەوە پێکەنینێکی ئاڕاستەی هاوسەرەکەی کرد. سێ پیاوەکە تا درەنگانێك لە مەیخانەکە مانەوە و دواتر کە بە تێری لە شوێنی خۆیان هەستان و بە یارمەتی خاوەن مەیخانەکە لە دەرگای مەیخانەکە چوونە دەرەوە.

ژنەکە بە هاوسەرەکەی وت: خۆزگە چارەنووس هەر ئاوا بێت کە هەموو رۆژێك میوانی ئاوا بەخشندەمان هەبێت تاکوو بتوانین منالە تاقانەکەمان لە کارکردن لەم مەیخانە پیسە بێنیاز بکەین و تێبکۆشین تا لە ئایندە ببێتە قەشە.



Scanned with CamScanner

# حەوت زات

لە خامۆشی شەوێکی تاریکدا کاتێك کە خەو هات زاڵ بێت بەسەر مندا، حەوت زاتەکەی من هەستان بۆ گفتگۆکردن.

یەکەم زات وتی: ساڵانێکی زۆرە لە دەروونی ئەم پیاوە دێوانەدا بەسەر دەبەم و لەم ماوەیەدا کارێکم جگە لە زیندووکردنەوەی دەرد و پەژارەکانی نەکردەووە. ئێستا لەم کارە بێزار بووم و دەمەوێت لە دژی ئەو شۆڕش هەڵگیرسێنم.

دووەم زات وتی: خوشکم! تۆ لە من خۆشبەخت تری، چونکە وا بۆ من دانراوە تا بەردەوام ببمە هاوبەشی شادی ئەم دێوانەیە و بۆ بزەکانی پێبکەنم و لە کاتی شادومانیەکانیدا گۆرانی بڵێم و بۆ بیرکردنەوە زیرەکەکانی سەما و هەڵپەڕکێ بکەم. کەوابوو ئەگەر هەڵچوون و شۆڕشێك هەبێت کەس لەمن



Scanned with CamScanner

شیاوتر نییه.

سێههم زات وتی: وەی له ئێوه هاوڕێیان! من له هەردووکتان شیاوترم، چونکه وا بۆ من دانراوه تا بەردەوام نەخۆش بکەوم و له ئاگری حەز و دڵداریدا بسوتێم، کەوابوو لەبەر چوونه ژێر باری ئەو هەموو دەرد و ڕەنجه چ کەسێك له من شیاوتره؟

چوارەمین زات وتی: هاوڕێیان من لەئێوه داماوتر و بەدبەخت ترم! چونکه بۆ من وا دانراوه هەمیشه ئاگری ڕق و توڕەیی و فێڵ و تەڵەکه له دڵی ئەم شێته داگیرسێنم. من ئەو زاتەم که له ئەشکەوته تاریکەکانی دۆزەخدا لەدایك بووه. کەوابوو چ کەسێك له من شیاوتره تا به دژ ئەم کەسه شۆڕش بکات؟

پێنجەمین زات وتی: خوشکانی من! من خۆزگه دەخوازم بۆ ئەرکەکانی ئێوه، چونکه بۆ من وادانراوه تاکو ئاوات و خەوه ناکۆتاکانی ئەم پیاوه شێته بەزیندوویی بهێڵمەوه و برسیەتی و تونیەتی نائارامی ئەو کەسه بوروژێنم. من لەسەرمه که بەبێ



Scanned with CamScanner

چەشتنی تامی حەوانەوە بەردەوام لە گەڕان بە شوێن نەدۆزراوەکاندابم کە هێشتا بەدی نەهاتوون. کەوابوو ئەوە منم کە لە پێش ئێوەدا شیاوی شۆڕش کردنم لە دژی ئەم پیاوە.

شەشەمین زات وتی: خوشکانی من! ئێوە چەندە خۆشبەختن و من چەندە خەمبار و بەدبەختم، چونکە من ئەو زاتە سوك و هیچەم کە بە دەستی سنگفراوان و چاوی بێدار، رۆژگار دەنەخشێنم و وێنەی جوان و هەتایی دەبەخشمە یەکەکانی ناهەمیشەیی و ناجوان. زاتی گۆشەگیر و ئارامی وەکوو من شایەنی تورەیی و شۆڕش کردنە.

دواجار حەوتەمین زات وتی: داد لە ئێوە! چاوەکانی ئەم پیاوە چەندە سەیر و سەمەرەیە! بریا بمتوانیبایە وەکوو ئێوە بم تا کارێکی دیاری بۆ ئەنجام بدەم! بەڵام چیبکەم کە من ئەو زاتە بێ ئیشەم کە جگە لە خامۆشی ئەرکێکم لە سەر شان نییە، لە حاڵێکدا کە هەر کامێك لە ئێوە خەریکی بەدیهێنانی ژیانێکی دووبارەن بەو هەموو دیمەنە جۆراوجۆرانەی کە هەیەتی.



Scanned with CamScanner

خوشکانی من! سوێندتان دەدەم بە پەروەردگار بە من بڵێن کامێك لە ئێمە شیاوی ڕاپەڕینە، من یاخود ئێوە!

کاتێك حەوتەمین زات کۆتایی بەقسەکانی هێنا، شەش زاتەکەی تر بە دڵسۆزیەوە تێڕامان، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە و لە بێدەنگی شەودا لە حاڵێکدا کە لەدڵەوە هەستیان بە شادومانی دەکرد خەویان لێکەوت، بەڵام حەوتەمین زات هەروا لە بێداریدا مایەوە و چاوی بڕیە ئەو "هیچ"ەی لە پشت "هەموو شت"ەکانەوە بوو!



Scanned with CamScanner

# چێژی نوێ

دوێنێ شەو چێژێکی نوێم دۆزیەوە...و چونکە بۆ یەکەم جار بوو لێی بەهرەمەند دەبووم، فریشتە و شەیتانێکم بۆ دەرکەوتن و لەلای دەرگاکە وەستان و گفتگۆیەکی دژبەیەکیان دەستپێکرد.

فریشتەکە بەدەنگی بەرز هاواری کرد و گوتی: ئەم کارە گوناهێکی کوشندەیە. شەیتان بەدەنگێکی بەرزتر ناکۆکی پیشاندا و گوتی: هەرگیز! سوێند بێ بەگیانی خۆم ئەمە کارێکی پیرۆزە.



Scanned with CamScanner

# زمانی ئەو جیهانەی ترم

سێ ڕۆژ دوای لەدایکبوونم، لە حاڵێکدا کە لە بێشکەیەکی ئاوریشمیدا ڕاکشابووم و بەسەرسوڕمانەوە دەمڕوانیە دوونیای تازەی دەوروبەرم و دەست و قاچم دەجوڵاند، دایکم لە دایەنی پرسی: ئەمڕۆ بارودۆخی مناڵەکەم چۆنە؟

دایەنەکەم وەڵامی دایەوە و وتی: ئەو باشە خاتوون. سێ جار شیرم پێداوە و تاکو ئێستا مناڵێکم بەهێندەی ئەو بە شادومانی نەبینیوە. کاتێك ئەو قسەیەم بیست زیاتر تووڕە بووم و هاوارمکرد و وتم: دایکە باوەڕ بە قسەی ئەو مەکە، چونکە ڕاخەرەکەم ناخۆشە و تامی ئەو شیرەی خواردم زۆر تاڵ بوو و بۆنی سنگی زۆر بێزاری کردم، بەڵام دایکم و دایە لە قسەی من تێنەگیشتن، چونکە من بە زمانی ئەو جیهانەی لێی



Scanned with CamScanner

هاتبووم قسەم دەکرد.

لە بیست و یەکەمین ڕۆژی لەدایکبوونم لەو ڕۆژەی کە دەیانویست شوشتنی "تەعمیدم" بکەن، قەشەکە بە دایکمی وت: خاتون! پیرۆزباییت لێدەکەم، منالّەکەی تۆ بە مەسیحی لەدایکبووە!

بە سەرسوڕمانەوە بە قەشەکەم وت: ئەگەر ڕاست بڵێی کەوابوو دایکی تۆ لە ئاسماندا لەبەر تۆ زۆر بەدبەخت و خەمناکە، چونکە تۆ بە مەسیحی لەدایك نەبووی! قەشەکەش لە زمانی من تێنەگیشت.

حەوت مانگ تێپەڕی. فالّچییەك لە ڕوخسارمی ڕوانی و بەدایکمی وت: کوڕەکەی تۆ لە ئایندەدا دەبێتە ڕێبەرێکی گەورە و خەڵکی فەرمانەکانی بەجێ دێنن. بەدەنگێکی بەرز هاوارم کرد: ئەم پێشگۆییە درۆیەکی تەواوە، چونکە من لە خودئاگاییدام و دەزانم کە لە داهاتوودا دەبمە موسیقیدان. بەڵام ئەمجارەش کەس لەزمانی من تێنەگەیشت و لەبەرئەوەش زۆرم پێسەیر بوو.



Scanned with CamScanner

لەو کاتەوە سی و سێ ساڵ تێپەڕیوە و لەم ماوەیەدا دایک و دایە و قەشەکە لەم دونیایە نەماون، بەڵام فاڵچییەکە هێشتا هەر زیندووە و بەردەوامە لەسەر کارەکەی خۆی.

دوێنێ ئەوم لە پەنا پەرستگەکە بینی و دوای ئەحواڵپرسی بە منی وت: دەمزانی کە تۆ دەبیتە موسیقیدانێکی گەورە. من ئاییندەی تۆم لە زەمەنی منالێتەوە بە دایکت وتبوو!

باوەڕم بە وتەی فاڵچییەکەم کرد، چونکە منیش ئیتر زمانی ئەو جیهانەی لێیەوە هاتبووم فەرامۆشم کردبوو.



Scanned with CamScanner

# شاری پیرۆز

لە دەورانی لاوێتی بیستم شارێك هەیە کە خەڵکەکەی بەپێی کتێب ژیان بەسەر دەبەن. لەبەرئەوە بە خۆمم وت: هەوڵ دەدەم خۆم بگەیەنمە ئەم شارە تاکو بەهرەمەندبم لە بەرەکەتی ئاسمانی ئەو شوێنە.

ئەو شارە دوور بوو. لەبەرئەوە توێشویەکی تەواوم فەراهەم کرد و دوای چل ڕۆژ گەیشتمە ئەو شوێنە و لە چل و یەکەمین ڕۆژدا چوومە ناو شارەکە، بەڵام گشت خەڵکی ئەو شارەم بە یەك دەست و یەك چاو بینی. لەم بارەوە سەرم سوڕما و بەخۆمم وت: ئایا هەرکەسێك بیەوێت لەم شارەدا ژیان بەسەربەرێت دەبێ یەك چاوو یەك دەستی هەبێت؟ دواتر تێبینیم کرد خەڵکانی ئەو شارە زیاتر لە من سەریان سوڕماوە



Scanned with CamScanner

بەوەی کە من دوو دەست و دوو چاوم هەیە. لە حاڵێکدا کە لەگەڵ یەکتر وتووێژیان دەکرد لێم پرسین: ئایا ئێرە ئەو شارە نییە کە خەڵکەکەی بەپێی ئامۆژگارییەکانی کتێب ژیان بەسەر دەبەن؟

وتیان: بەڵێ ئێرە ئەو شوێنەیە.

لێم پرسین: چی بەسەر ئێوە هاتووە؟ چاو و دەستی ڕاستتان چی لێهاتووە؟

خەڵکی نەزانیی منیان بە میهرەبانی وەڵامدایەوە و وتیان: لەگەڵ ئێمە وەرە تا بزانی. دواتر منیان بردە پەرستگەیەك کە لە چەقی شارەکەدا بوونی هەبوو و کاتێك چوومە ناو پەرستگایەکە کۆمەڵێکی زۆر دەست و چاوی وشککراوم بینی. بە سەرسوڕمانی زۆرەوە وتم: سوێندتان دەدەم بە پەروەردگار ئەوە چ جەلادێکی خوێنمژە کە دەستدرێژی کردۆتە سەرتان و فەرمانی دەست بڕین و چاو دەرهێنانی بۆ دەرکردوون؟

گشتیان بە بیستنی ئەم قسەیە حەپەسان و بۆ نەزانی من داخ و حەسرەتیان خوارد. ئەوکات یەکێك لەوان کە کەسێکی

پیر و بەتەمەن بوو لێم نزیکبویەوە و وتی: کوڕم خۆمان وەها کارێکمان ئەنجامداوە، چونکە خواوەند ئێمەی بەسەر سوڵتانی شەڕ کە لە دەروونی ئێمەدا بوو زاڵ کردووە.

ئەوکات منی بەرەو قوربانیگایەکی گەورە ڕێنموونی کرد و لەوێ بە پەنجە ئیشارەی کردە سەر بەردە نووسراوێك کە لە سەرووی قوربانیگایەکە بوو و داوای لێکردم کە بیخوێنمەوە.

منیش بە دەنگێکی بەرز خوێندمەوە: ئەگەر چاوی ڕاستی تۆ وایکرد گوناه بکەی لە ڕیشە دەری بێنە و فرێی بدە، چونکە بۆ تۆ باشترە کە یەکێك لە ئەندامەکانی جەستەت لەناو بەری بۆ ئەوەی هەموو جستەت لە دۆزەخدا نەسوتێت. وە ئەگەر دەستی ڕاستی تۆ وای کرد کە گوناه بکەی بیبڕەوە، چونکە بۆ تۆ باشترە کە یەکێك لە ئەندامەکانی جەستەت لەناو بەری بۆ ئەوەی هەموو جەستەت لە دۆزەخدا نەسوتێت.

کاتێك لە مەبەستیان گەیشتم ڕووم تێکردن و هاوارم لێکردن: ئایا هیچ پیاوێك و ژنێك لەناو ئێوەدا نییە کە دوو دەست و دوو چاوی ساغی هەبێت؟



Scanned with CamScanner

وەڵامیان دایەوە: نا لەنێوان ئێمەدا وەها کەسێك بوونی نییە جگە لە ساواکان کە هێشتا گەشەیان نەکردووە و ناتوانن کتێبەکە بخوێننەوە و ئامۆژگارییەکانی جێبەجێ بکەن.

کاتێك لە پەرستگەکە هاتینە دەرەوە بە خێرایی لەو شارە دوور کەوتمەوە چوونکە من گەورە ببووم و دەمتوانی ئەو کتێبە بخوێنمەوە!



Scanned with CamScanner

# داهۆڵ

پرسیارم لە داهۆڵێک کرد، ئایا تەنیایی لەم کێڵگەدا بێزارت ناکات؟

وەڵامی دامەوە و گوتی: ترساندنی شتانی تر بۆ من چێژێکی هەمیشەیی هەیە کەوابوو من لە ئیشی خۆم ڕازیم و هەرگیز لێی بێزار نابم.

تۆزێ بیرم کردەوە و دواتر وتم: ڕاستت گوت. منیش ئەزموونی وەها چێژێکم کردووە.

وتی: تۆ هەڵەی، چونکە کەس ناتوانێت ئەم چێژە ببینێت مەگەر ئەوەی کە دەروونی وەکوو من بە کا پڕکرابێتەوە.

دواتر بەجێمهێشت لە حاڵێکدا نەمدەزانی بە باش باسم دەکات یان بە خەراپ.



Scanned with CamScanner

ساڵێک دواتر داهۆڵەکە بوو بە زانا و فەیلەسوف و کاتێک بە پەنایدا تێپەڕیم دوو قەلەڕەشم بینی کە لە ژێر کڵاوەکەیدا خەریکی دروستکردنی هێلانە بوون.



Scanned with CamScanner

# له نائومێدی مندا سەرکەوتن بوونی هەیە!

ئەی شکست و ئەی نائومێدیەکانی من....

ئەی تەنیایی و ئەی گۆشەگیریەکانی من...

ئێوە بۆ من لە هەزار سەرکەوتن ئازیزترن و لە دڵی مندا شیرینترن لە شانازیەکانی هەموو شارەکان.

ئەی شکست و ئەی نائومێدیەکانی من...

ئەی زانایی من سەبارەت بە خۆم و ئەی دۆزەرەوەی بچوکیی من.

من بەهۆی ئێوەوە زانیم کە هێشتا لاوێکی خەتاکارم و چیتر تاجی گوڵە سیس و ناهەمیشەییەك من فریو نادات. من بەهۆی ئێوەوە گەیشتمە تەنهایی و گۆشەگیری و تامی هەڵاتن و سوکی و بچوکیم زانی.



Scanned with CamScanner

ئەی شکست و ئەی نائومێدیەکانی من،

ئەی شمشێری تیژ و درەخشانی من، لە چاوی ئێوەدا ئەوەم خوێندۆتەوە کە هەرکات مرۆڤ لەسەر تەختی دەسەڵات دابنیشێت دەبێتە کۆیلە و هەرکات خەڵکی لە دەروونی بەئاگا بێت کتێبی تەمەنی دادەخرێت و هەرکات بگاتە لوتکەی پێگەیشتن گەیشتۆتە فەنا.

مرۆڤ وەکوو میوەیەك وایە کە ئەگەر بگات دەکەوێتە سەر زەوی و لە ژێرپێدا پان دەبێتەوە.

ئەی شکست و ئەی نائومێدیەکانی من...

ئەی دۆستی بەجەرگ و خۆشەویستی من، تۆ تەنها کەسێکی کە سرود و فریاد و بێدەنگیەکانی من دەبیستی و جگە لە تۆ کەس لەتەك مندا باس لە لێدانی باڵەکان و بانگی زەریاکان و دەنگی تەقینەوەی گڕکانەکان لە دڵی شەودا ناکات.

تۆ تەنها کەسێکی کە لە شاخە بەرزەکانی دەروونی من دەچیتە سەرەوە ئەی نەترسی و نەمریی من. لە کاتی زریاندا لەگەڵ من پێدەکەنی و بۆ کەسانێك کە لە پێش من و تۆدا



Scanned with CamScanner

مەرگ دەیانباتەوە گۆڕ هەڵدەکەنین و بە ویست و سەقامگیرییەوە لە بەرامبەر ڕوخساری خۆردا دەوەستین بۆئەوەی شکۆدار و ترسناك دەرکەوین.



Scanned with CamScanner

# بتانەوێت تا بدۆزنەوە

لە ڕابردوویەکی زۆر دوور پیاوێك هەبوو کە ئەمبارێکی پڕ لە دەرزی هەبوو. ڕۆژێك دایکی نەسڕانییەك چوو بۆ لای و وتی، ئەی پیاوچاك، جلی کوڕەکەم دڕاوە و من دەمەوێت پێش ئەوەی بچێتە پەرستگە بۆی بدورمەوە. ئایا دەرزییەکم بە قەرز دەدەیتێ؟ پیاوەکە دەرزی پێنەدا، بەڵام پەندێکی پێدا تا بۆ کوڕەکەی بەرێت پێش ئەوەی بچێتە پەرستگە. ئامۆژگارییەکە بەم شێوەیە بوو: " بتانەوێت تا بدۆزنەوە "



Scanned with CamScanner

# لە خاچدراو

هاوارم کرد و بە خەڵکیم وت: دەمەوێت من لە خاچ بدەن!

وتیان: بۆچی دەتەوێت خوێنت بکەوێتە ئەستۆی ئێمە؟

وتم: چۆن دەتوانن شانازی بە خۆتان بکەن لە حاڵێکدا شێتەکان لە خاچ نادەن؟ کەوابوو وتەی منیان پەسەندکرد، لە خاچیاندام و ئەم کارە منی ئارام کردەوە، بەڵام کاتێک لە نێوان زەوی و ئاسماندا هەڵاوەسرابووم سەری خۆیان بە شانازیەوە بەرزکردەوە و لە منیان ڕوانی، چونکە لەوە پێشتر سەری خۆیان بەرز نەکردبۆوە.

وە کاتێك لە دەوروبەری خاچەکەدا کۆببونەوە یەکێك لەوان هاواری کرد و پرسیاری لێکردم، دەتەوێت ننەفرەت لە چ گوناهێك بکەی؟



Scanned with CamScanner

یەکێکی تر وتی: سوێندت دەدەین بە خواوەند بە ئێمە بڵێ بۆچی خۆت قوربانی کردووە؟

سێهەمینیان وتی: ئەی نەزان! وادەزانی کە بە بەخشینی نرخێکی هیچ و کەم دەگەیتە شانازییەکی جیهانی؟

دواتر چوارەم کەس وتی: بڕوانن چۆن لە نەزانی خۆیەوە پێدەکەنێت. ئایا کەس هەیە سەرەڕای دەرد و پەژارەیەکی وەها، پێبکەنیت؟

بەوانم گوت: پێکەنینی منتان لەبیربێت و هیچی تر. من نەفرەت لە گوناهێك ناکەم و خۆم قوربانی ناکەم و شانازییەکم ناوێت و شتێکم نییە کە بیبەخشم. من تینوو بووم و داوام لە ئێوە کرد تا لەخوێنی خۆم تێراوم بکەن. ئایا تینوویەتی دێوانە جگە لە خوێنی خۆی بە شتی تر تێر دەبێت؟

من لاڵ بووم بەڵام لەجیاتی زمان داوای زامم لێکردن. لە تاریکی رۆژ و شەوەکانتان زیندانی بووم، لەبەرئەوە لێتان پاڕامەوە تا من بەرەو رۆژ و شەوانێك بەرن کە لە رۆژەکانی ئێوە باشتر و لە شەوەکانی ئێوە خۆشترە و ئێستاش بەرەو



Scanned with CamScanner

شوێنێك دەچم كە لەخاچدراوی زۆر پێشتر لە من چوونەتە ئەو شوێنە.

هەرگیز وا مەزانن كە ئێمە بە لەخاچدران ماندوو دەبین، چونكە چارەنوس وایداناوە تا چەندجار و چەندجار و تەنانەت بە دەستی زۆرداری لە ئێوە خەراپتر و بەهێزتر لەخاچ بدرێین تا بەردەوام لە نێوان زەوی ماددی و ئاسمانی مەعنەویدا هەڵبواسرێین.



Scanned with CamScanner

# دادگەری

لە یەکێك لە شەوەکاندا ئاهەنگێك لە کۆشکی پادشاییدا بەرپابوو. لەناکاو پیاوێکی داوانەکراو لەگەڵ بانگهێشتکراوەکان هاتە ناو کۆشکەکەوە و لە بەرامبەر شازادەدا سەری ڕێزی دانەواند. گشتیان حەپەسابوون، چونکە یەکێك لە چاوەکانی هاتبوو دەرەوە و خوێنی لێدەرژا.

شازادە لێی پرسی: چ رووداوێك بەسەر تۆدا هاتووە؟

پیاوەکە وەڵامی دایەوە و وتی: ئەی شازادە من دز نیم و تاریکی شەوم بە دەرفەت زانی چومە ناو یەکێك لە سەڕڕافیەکانەوە. لە دیوارەکە چوومە سەرەوە، بەڵام بە هەڵە لە پەنجەرەیەکی ترەوە چوومە ناو دوکانی درومان. لەبەرئەوە بە خێرایی بڕیارم دا تاکو ڕابکەم، بەڵام لەبەر تاریکایی زۆر



Scanned with CamScanner

دەرزی مەکینەکە بەر یەکێك لە چاوەکانم کەوت و لە ریشەوە دەریکرد. ئێستا هاتوم بۆ لای جەنابتان تا دادوەری بکەن و مافی من لە بەرگدرووەکە بستێنن.

شازادە فەرمانیدا بەرگدرووەکە بێنن و دەستبەجێ هێنایان. دواتر فەرمانیدا چاوەکانی لە ریشە دەربێنن.

بەرگدروو وتی: شازادە بەڕاستی کە فەرمانێکی دادوەرانەتان دەرکردووە بەڵام من بۆ دروومان پێویستم بە دوو چاوە تاکوو بتوانم هەر دوو لای جل و بەرگەکە بدوورم. هاوسێیەکەم هەیە کە پینەچییە و وەکوو من دوو چاوی هەیە بەڵام بۆ پینەچیەتی تەنیا پێویستی بە یەك چاو هەیە. کەوابوو ئەگەر دەتانەوێت یاسا نەخەنە ژێر پێتان دەتوانن ئەو بانگهێشت بکەن و یەکێك لە چاوەکانی دەربێنن.

ئەوکات شازادە فەرمانی دا پیاوی پینەچی بێنن و کاتێك هێنایان چاوێکیان دەرهێنا و بەم شێوەیەش دادگەری ئەنجامدرا.

Scanned with CamScanner

# چاو

ڕۆژێك چاو بە هاوڕێکانی تری گوت، لە پشت ئەم دۆڵ و شیوانەدا کێوێك دەبینیم کە بە هەور داپۆشراوە، بەڕاستی کێوێکی جوانە؟

گوێ وتی: کوا لەکوێیە ئەو کێوەی تۆ باسی لێدەکەی؟ من دەنگی نابیستم.

دەست وتی: من بێسودانە تێدەکۆشم هەستی پێبکەم، بەڵام هیچ کێوێك نادۆزمەوە.

لوت وتی: من هەست بە بوونی ناکەم، چونکە ناتوانم بۆنی بکەم. کەوابوو بوونی ئەو نامومکینە.

ئەوکات چاو لە شوێنیکی تر ڕاما و بۆ خۆی پێدەکەنی لە حاڵێکدا کە هەستەکانی تر سەبارەت بە وەها خەیاڵاتێك



Scanned with CamScanner

وتووێژیان دەکرد و بەم ئەنجامە گەیشتن کە چاو توشی سەر لێشێواوی بووە.

# پادشای زانا

لە یەکێك لە شارە دوورەکان پادشایەکی بەهێز و دانا دەسەڵاتدار بوو. خەڵکی شارەکە نەك تەنها لێی نەدەترسان بەڵکوو خۆشیشیان دەویست.

لە ناوەندی شارەکە چاڵاوێك هەبوو کە ئاوێکی پاکی هەبوو و هەموو خەڵکی شارەکە و تەنانەت پاشا و یارەکانیشی لەم چاڵاوە ئاویان دەخواردەوە، چونکە چاڵاوێکی تر لە شارەکەدا بوونی نەبوو.

لە یەکێك لە شەوەکان لە کاتێکدا خەڵکی نوقمی خەو ببوون جادووگەرێك هاتە ناو شارەکە و حەوت دڵۆپ لە ئاوێکی سەیری ڕشتە ناو بیرەکەوە و وتی: لە ئێستاوە هەرکەس ئاوی ئەم بیرە بخواتەوە شێت دەبێت. بەیانی ڕۆژی دوایی گشت خەڵکی شارەکە جگە لە پادشا و وەزیر لە ئاوی بیرەکەیان خواردەوە وتوشی وتەی



Scanned with CamScanner

ساحیرەکە بوون و شێت بوون.

خەڵکی دەستە بە دەستە لە کۆڵانێکەوە بۆ کۆڵانێکی تر و لە گەڕەکێك بۆ گەڕەکێکی دیکە هەڵدەهاتن و دەیانگوت: شا و وەزیر شێت بوون و ئەوان ناتوانن چیتر وڵات بەڕێوە بەرن. وەرن با ئەوان لە تەختی دەسەڵات بهێنینە خوارەوە.

باسەکە بەر گوێی شا کەوت و لەبەرئەوە فەرمانی دا ئەو جامە زێڕینەی کە لە باوباپیرانی بۆی مابۆوە لە ئاوی چاڵاوەکە بۆی پڕ بکەن. بۆیان پڕ کرد و بۆیان هێنا. پادشا لە ئاوەکەی خوادەوە و کاتێك تێری خواردەوە دای بە وەزیر تا ئەویش بیخواتەوە. خەڵکی شارەکە بەم روداوەیان زانی و دەستیان کرد بە شادی و خۆشحاڵی کردن، چونکە زانیان کە پاشا و وەزیر ئەقڵی خۆیان لەدەست نەداوە.

Scanned with CamScanner

# ئەستێرەناس

من و هاوڕێکەم پیاوێکی نابینامان بینی کە لە سێبەری پەرستگەکە بە تەنیایی دانیشتبوو. هاوڕێکەم پێی وتم: ئەمە زاناترین پیاوە لە هۆزی ئێمەدا. هاوڕێکەم بەجێ هێشت و لەو پیاوە نابینایە نزیك بوومەوە و سڵاوم لێکرد و لە لای دانیشتم و سەرگەرمی قسە کردن بووین. ماوەیەك تێپەڕی و دواتر پرسیارم لێکرد: بەڕێز لە کەیەوە نابینا بووی؟

وەڵامی دامەوە و وتی: کوڕم لەو کاتەوە کە لەدایك بووم.

وتم: بە دوای چ زانستێکدا دەگەڕێی؟ وتی: من ئەستێرەناسم ئەوکات دەستەکانی لەسەر سنگی خۆی دانا و وتی: من ئەم خۆر و مانگ و ئەستێرانە چاودێری دەکەم!



Scanned with CamScanner

# لەسەر قادرمەکانی پەرستگە

دوێشەو ژنێکم بینی کە لەسەر قادرمەکانی پەرستگە دانیشتوە و دوو پیاویش لە لای راست و چەپی ئەو دانیشتوون و لێی دەروانن.

پێم سەیر بوو کاتێك بینیم کە لایەکی ڕوخساری زەرد هەڵگەڕابوو و لایەکەی تریشی سوور و جوان بوو.



Scanned with CamScanner

# هەنار

جارێك لەناو هەنارێكدا ژیام. ڕۆژێك گوێم لە دەنگی دەنكە هەنارێك بوو كە دەیگوت: لە ئاییندە دەبمە درەختێكی بڵند كە با لە نێوان لقەكانمدا گۆرانی دەچڕێت و خۆریش سەما دەكات و منیش بە تێپەڕبوونی ئەم وەرزانە بەهێزتر و جوانتر دەبم. دانەیەكی تر گوتی، تۆ چەندە نەزانی ئەی هاوڕێ! زەمانێك كە من وەكوو تۆ بچوك بووم وەها ئارەزوویەكم لەسەردا بوو بەڵام دوای ئەوەی كە توانیم هەموو شتێك بە ئەقڵ لێكبدەمەوە زانیم كە گشت ئاواتەكانم بێسوودن. سێهەم دەنكە هەنار گوتی: بەڵام من پیریی لە خۆماندا شك نابەم كە هەڵگری وەها ئاییندەیەكی مەزن بێت. چوارەمینیان وتی: ئەگەر داهاتووی ئێمە لە ئێستامان باشتر نەبێت ژیانێكی بێسودمان دەبێت.



Scanned with CamScanner

پێنجەمین دەنکە هەنار وتی: بۆچی دەربارەی ئایندە دەمەقاڵە بکەین لە حاڵێکدا نازانین ئەمڕۆ چیمان بەسەر دێت؟

شەشەمین دەنکۆڵە وتی: ئێمە هەتاهەتایە لەم ژیانەی ئێستامان بەردەوام دەبین.

حەوتەمینیان وتی: من ئاینده بە روناکی دەبینم، بەڵام ناتوانم بە قسە باسی بکەم. ئەوکات دەنکە هەناری هەشتەم و نۆیەم و دەیەم و ئەوانی تریش کەوتنە قسە و لەبەر زۆری دەنگەکان نەمتوانی شتێك تێبگەم، کەوابوو لە هەمان رۆژدا هەنارم بەجێ هێشت و چوومە ناو "بەهێ" وە و لەوێدا نیشتەجێ بووم، شوێنێك کە دەنکی کەمی هەیە و لە خامۆشی و دواکەوتندا بەسەردەبەن.

# دوو زانا

لە شاری کۆنی ئەندێشەکاندا دوو دانە زانا ژیانیان بەسەردەبرد کە زانستی یەکتریان بە هیچ نەدەزانی. یەکێکیان بێباوەڕ بوو و ئەوی تریان بڕوادار.

جارێك ئەو دوو زانایە لە گۆڕەپانی شارەکە کۆبوونەوە تا لە بەرامبەر هەوادارانیان دەربارەی بوونی خواوەند باس و گفتگۆ بکەن و دوای چەند کاتژمێرێك دەمەدەم کردن هەر کامێکیان ڕێگەی خۆی گرتەبەر و کۆبوونەوەکەیان بەجێ هێشت.

لەهەمان شەودا زانا بێباوەڕەکە بەرەو پەرستگە چوو و لە بەرامبەر قوربانگادا لەسەر ئەژنۆ دانیشت و بۆ ئەنجامدانی هەڵە کۆنەکانی لەبەرامبەر خودادا داوای بەخشینی کرد و بوو بەباوەڕدار، لە هەمان کاتژمێردا زانای خواناس کتێبە



Scanned with CamScanner

پیرۆزەکانی خۆی بردە گۆڕەپانی شار و ئاگری تێبەردان و لە دین وەرگەڕا و بێباوەڕ بوو.



Scanned with CamScanner

# سێ مێروولە

سێ دانە مێروولە لەسەر لووتی پیاوێك کە لەژێر هەتاودا خەوتبوو کۆبوونەوە و هەر کامێکیان بە ڕێورەسمی هۆزی خۆی ئەدای ڕێزی بەجێهێنا و دواتر لە هەمان شوێن وەستان و سەرگەرمی گفتگۆ بوون.

یەکەم مێروولە وتی: زەوییەك کە لەسەری وەستاوین بێ پیت ترین زەوییەکە کە تاکوو ئێستا لێی تێپەڕیوم، هەموو ئەمڕۆ بەشوێن دانەوێڵەیەك لەهەر جۆرێك بێت گەڕاوم، بەڵام سەرکەوتنم بەدەست نەهێناوە.

دووەم مێروولە وتی: زۆر جار خەڵکی هۆزەکەم دەربارەی زەوییەکی بێبەر و نەرم قسەیان کردووە و وابزانم ئێرە هەمان شوێنە.



Scanned with CamScanner

مێرووڵەی سێهەم سەری خۆی بەرز کردەوە و وتی:
هاوڕێیان ئێمە ئێستا لەسەر لووتی مێرووڵەیەکی گەورەتر لە خۆمان وەستاوین. ئەمە هەمان ئەو مێرووڵە مەزن و زۆر بەتوانا و بەهێزەیە. جەستەی ئەوەندە گەورەیە کە ناتوانین بیبینین، سێبەرەکەی ئەوەندە بەرفراوانە کە توانامان نییە بیپێوین و دەنگی ئەوەندە بەرزە کە لە ئاستی بیستنی ئێمەدا نییە، ئەمە ئەو مێرووڵەیە کە بوونی بێسنوری ئەو لە هەموو شوێنێك ئامادەیە.

دوو مێرووڵەکەی تر لەبەرئەم قسەیە دەستیانکرد بە پێکەنین، ڕێك لەو کاتەدا پیاوەکە دەستی خۆی بەرز کردەوە و لووتی خۆی خوراند و سێ مێرووڵەکە لەژێر پەنجەکانیدا پان بوونەوە.



Scanned with CamScanner

# خوای چاکە و خوای خراپە

ڕۆژێك خوای چاکە لەسەر لوتکەی کێوێك گەیشتە خوای خراپە و پێی گوت " ڕۆژباش براکەم ".

خوای خراپە هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. خوای چاکە وتی: هاوڕێ دیارە ئەمڕۆ مەزاجت باش نییە!

خوای خراپە وەڵامی دایەوە و وتی: بەڵێ من ئەمڕۆ زۆر تووڕەم، چونکە خەڵکی من و تۆ بەجیاواز نازانن و من بە ناوی تۆ بانگهێشت دەکەن و لەم کارەش بێزارم. خوای چاکە وتی: ئازیزی من! هەموو ڕۆژێك وەها ڕووداوێك بۆ منیش دێتە پێشەوە و خەڵکێکی زۆر من بە ناوی تۆ بانگهێشت دەکەن و وادەزانن کە من هەر تۆم!

خوای خراپە لە حاڵێکدا کە نەفرەتی دەکرد لە نەزانی خەڵك، ڕێگەی خۆی گرتە بەرو ڕۆیشت.



Scanned with CamScanner

## شەو و دێوانە

دێوانە: ئەی شەو! من وەکوو تۆ تاریك و ڕووتم. لەسەر شەقامێکی ئاگرین هەنگاو دەنێم کە لە بەرزایی خەیاڵاتی ڕۆژانەمدا بوونی هەیە و شوێنێك کە قاچم ماچی خاك دەکات درەختێکی بەڕووی گەورە سەردەردەهێنێت.

شەو: ئەی شێت! تۆ هەرگیز وەکوو من نیت، تۆ هێشتا ئاوڕ دەدەیتە تا شوێن پێی خۆت لەسەر لمەکاندا ببینی.

دێوانە: ئەی شەو! من وەکوو تۆ خامۆش و دەروونگەرام و لە دڵی تەنهایی مندا ژنەخواوەندێك دانیشتووە لە چاوەڕوانی منداڵێکی ئاسمانیی کە بەهەشت و دۆزەخ لە ناخ و سروشتی ئەو دابێت.

شەو: ئەی شێت! تۆ هەرگیز وەکوو من نیت، تۆ هێشتا لە



Scanned with CamScanner

بەرامبەر ئازارەکاندا دەلەرزیت و بە بیستنی سرودی مەرگ هەراسان دەبیت.

دێوانە: ئەی شەو! من وەکوو تۆ ترسناك و زۆردارم، گوێکانم پڕ لە فریادی خەڵکی دیلکراو و هەناسەی سارده بۆ زەویە فەرامۆش کراوەکان.

شەو: ئەی شێت! تۆ هەرگیز وەکوو من نیت، تۆ هێشتا بچوکترین "خود"ی خۆت بە دۆستی بەوەفای خۆت دەناسی و ناتوانی لەتەك گەورەترین"خود"ی خۆت هاوڕێ بیت!

دێوانە: ئەی شەو! من وەکوو تۆ دلاوەرێکی ترسناکم، دڵم بە بینینی بڵێسەی ئاگری کەشتیەکان بە زەوق نایەت و لێوەکانم جگە لە مژینی خوێنی جوامێرە کوژراوەکان لە مەیدانی جەنگدا چێژ وەرناگرێت.

شەو: ئەی شێت! تۆ هەرگیز وەکوو من نیت. لە تۆدا حەزێك هەیە بۆ "نەفس" کە بەسەر تۆدا زاڵە و تۆ هێشتا یاسایەکت نییە بۆ خۆت!

دێوانە: ئەی شەو! من وەکوو تۆ شادو شۆخ و شەنگم



Scanned with CamScanner

چونکە ئەو پیاوەی کە لەگەڵ منە تا هەمیشە مەستی ئەو شەرابە بێوێنەیەیە و ئەو ژنەش کە هاوڕێی منە شانازی بە گوناهەکانیەوە دەکات!

شەو: ئایا تۆ وەکوو منی؟ ئایا تۆ بەڕاستی وەکوو منی؟ ئایا تۆ دەتوانی وەکوو ئەسپێکی تیژ و بەتوانا بەسەر زریاندا سەرکەویت و بریسکە وەکوو شمشێرێك بخەیتە ناو دەستەکانتەوە؟

دێوانە: تۆ هەرگیز وەکوو من نیت، ڕۆحی تۆ لەحەوت بەرگ پێچراوە و بەجۆرە نەتتوانیوە دڵی خۆت بەچنگ بێنیت.

ئەی شەو من وەکوو تۆ سنگفراوان و خەمۆکم، لە سنگمدا گۆڕی هەزار ئاشق بوونی هەیە کە بە بێخەوشی مردوون و بە فرمێسك مۆمیاییم کردوون و بە ماچی سیس کفنم کردوون.

ئەی شەو! من وەکوو تۆ گەورە و بە توانام و عەرشی خۆم لەسەر وێرانەکانی خوا دارماوەکان دروستکردووە و ڕۆژگارم لەبەرامبەر خۆمدا تێپەڕاندووە تا داوێنی جل و بەرگم ماچ بکەن بێ ئەوەی بوێرن لە ڕوخسارم بڕوانن.



Scanned with CamScanner

شەو: کوڕم ئەی دڵی تاریکی من ئایا تۆ بەڕاستی وەکوو منی یان ئەندێشە ڕامنەکراوەکانی من دەخوێنیتەوە و بە زمانی بێسنورم قسە دەکەی؟

دێوانە: بەڵێ ئەی شەو! ئێمە برا و هاو-زاتین، تۆ نهێنیەکانی ئاسمانی ناکۆتا ئاشکرا دەکەیت و من نهێنیەکانی دەروونم.



Scanned with CamScanner

# گەورەترین زەریا

من و ڕۆحم بەرەو زەریایەکی گەورە چوین تاکوو لەوێدا مەلە بکەین و کاتێك گەیشتینە کەناری زەریاکە گەڕاین بەدوای شوێنێکی چۆڵدا. پیاوێکمان بینی کە لەسەر شاخێکی خۆڵەمێشی دانیشتبوو و لە کیسەیەك کە لە دەستیدابوو مشتێك خوێی دەردەهێنا و دەیڕشتە ناو زەریاکەوە.

ڕۆحم پێی وتم: ئەمە ئەو پیاوە بەدبینەیە کە تەنها سێبەرەکانی ژیان دەبینێت، دەبێت ئەم شوێنە بەجێبێڵین، ناتوانین لێرە مەلە بکەین. هەربۆیە ئەو شوێنەمان بەجێهێشت و ڕێگەی خۆمان گرتەبەر و گەیشتینە بەنداوێك و لەوێ پیاوێك لەسەر شاخێکی سپی وەستابوو و سەندوقێکی گەوهەرنیشانی لەدەستدابوو و کە کلۆ شەکری لێدەردەهێنا و دەیهاویشتە ناو



Scanned with CamScanner

زەریاکەوە.

ڕۆحم پێی وتم: ئەمە ئەو پیاوە گەشبینەیە کە دڵ بە شتانێك دەبەستێت کە شایەنی ئەوەنین دڵیان پێخۆش بکەیت، ئەو نابێت لەشی ڕووتی ئێمە ببینێت.

بەمشێوەیە ڕێگەی خۆمان گرتەبەر تا ئەوەی کە لە قەراغ زەریاکە گەیشتینە پیاوێك کە ماسی مردووی هەڵدەگرتەوە و بە ئارامی و میهرەبانی دەیهاویشتە ناو زەریاکەوە. ڕۆحم پێی وتم: ئەمە ئەو پیاوە دڵسۆزەیە کە تێدەکۆشێت ژیان بۆ ئەوانە بگەڕێنێتەوە کە لە گۆڕدان، دەبێ لێی دوور بکەوینەوە. لێی تێپەڕین و گەیشتینە شوێنێکی تر کە پیاوێکی لێبوو وێنەی سێبەرەکەی لەسەر لمەکان دەکێشایەوە و کاتێك شەپۆلەکان وێنەکەیان دەشۆردەوە دووبارە سێبەرەکەی لەسەر لمەکان دەنەخشاندەوە. ڕۆحم پێی وتم: ئەمە ئەو پیاوە سۆفیەیە کە لە وەهمەوە بتێك دروست دەکات تا پەرستیشی بکات دەبێ ئەویش بەجێ بهێڵین.

دوورمان لەویش گرت و گەیشتینە کەنداوێکی بچوك و



Scanned with CamScanner

پیاوێکمان بینی کە بنی زەریاکەی هەڵدەگرت و دەیخستە جامێکی عەتیقەوە! روحم پێیوتم: ئەمە ئەو پیاوە خەیاڵ پەروەرەیە کە لە تەونی جاڵجاڵۆکە جل دروست دەکات. وەها کەسێك شایانی ئەوە نییە جەستەی ڕووتی ئێمە ببینێت.

دوای ئەوە تۆزێکمان بیرکردەوە و لەو کاتەدا لەناکاو گوێمان لە هاوارێك بوو کە دەیگوت: ئەمە هەمان زەریایە، ئەمە هەمان زەریای قوڵ و بەرفراوانە. نزیکتربووینەوە و پیاوێکمان بینی کە پشتی لە زەریاکە بوو و گوێچکەماسیەکی گەورەی بەگوێوە گرتبوو تا بتوانێت دەنگدانەوەکەی ببیستێت. ڕۆحم پێیوتم: وەرە با بڕۆین ئەم پیاوە کەسێکی واقعبینە و ڕووی خۆی لە شتە گشتیەکان وەردەگێڕێت و خۆی خەریکی شتە لاوەکیە بێنرخەکان دەکات. ئەویشمان بەجێهێشت و لە شوێنێکی دیکە پیاوێکمان چاوپێکەوت لە نێوان تاشەبەردەکاندا ڕاکشابوو و سەری خۆی خستبووە ژێر لمەکان! ئەم جارە بە ڕۆحم گوت: ئەی ڕۆحی من باشترە بە پەلە لەم شوێنە مەلە بکەین، ئەم پیاوە ناتوانێت ئێمە ببینێت. ڕۆحم



Scanned with CamScanner

سەری خۆی جولاند و گوتی: هەرگیز و هەزارجار هەرگیز! چونکە ئەوەی دەیبینی خەراپترین خەڵقی خوایە ئەمە ئەو وشکە ئاییینیە ڕەزیلەیە کە خۆی لە ئازاری ژیان دەشارێتەوە و دڵی خۆی لە شادییەکانی ژیان بێبەش دەکات.

ئاسەواری خەم و پەژارە لە ڕوخساری ڕۆحم بەدەرکەوت و دواتر بە دەنگێکی تاڵ وتی:

وەرە با ئەم کەنارە بەجێ بهێڵین، شوێنێکی چۆڵ و پارێزراو لێرەدا دەست ناکەوێت تا بتوانین مەڵەی لێبکەین، من هەرگیز ڕازی نابم با قژە ئاڵتونیەکەم پەرێشان بکات یان سینەی درەخشانی من وەدەرخات یان ڕوناکی ڕووتی پیرۆزی من خۆی پیشان بدات، لەو کاتەدا زەریامان بەجێ هێشت و بەرەو زەریایەکی تر سەفەرمان کرد.



Scanned with CamScanner

# دوو قەفەس

لە باخەکەی باوکمدا دوو دانە قەفەس بوونی هەیە. لە ناو یەکێك لەواندا شێرێك بوونی هەیە کە هەشمەتەکان لە بیابانی نەینەواوە هێناویانە و لەناو ئەوی تریان باڵندەیەکی تێدایە کە هەرگیز لە گۆرانی گوتن شەکەت نابێت.

باڵندە لە بەرەبەیانی هەموو ڕۆژێکدا بانگی شێرەکە دەکات و پێی دەڵێت: بەیانیت باش برا زیندانیەکەم!



Scanned with CamScanner

# ئەو کاتەی شادی من لە دایکبوو

کاتێك شادی من لەدایکبوو ئەوم لە باوەش گرت و بردمە سەربانی ماڵەکەم و هاوارم کرد: ئەی هاوسێیان و ئەی ئاشنایانی من! وەرن و بڕوانن، ئەمڕۆ شادی من لەدایکبووە! وەرن و شادی من ببینن کە چۆن لەبەرامبەر خۆردا پێدەکەنێت؟ بەڵام سەرسوڕمانیم زیاتر بوو چونکە هیچ کام لە هاوسێکانم بۆ دیتنی شادی من ئامادە نەبوون!

حەوت مانگ لەسەر بانی ماڵەکەم مامەوە و لە بەیانی تاکوو شەو خەڵکیم لە بوونی شادی خۆم ئاگادار دەکردەوە، بەڵام کەس گوێی بە قسەکانم نەدا. لەبەرئەوە من و شادیەکەم بە تەنیا ماینەوە و کەس گوێی نەدایە ئێمە. هێشتا ساڵێک تێنەپەڕیبوو کە لەناکاو شادی من لە ژیانی خۆی بێزار بوو و



Scanned with CamScanner

ڕەنگی زەردبوو و نەخۆشکەوت و جگە لە دڵی من هیچ دڵێك عەشقی پێنەدا و جگە لە لێوەکانی من هیچ لێوێك ماچی نەکرد. ئەوسات شادیەکەی من لە تەنهایی خۆیدا گیانی لەدەستدا و لەمە بەدواوە هەرکات پەژارەی خۆم دێتەوە بیر شادیەکەشم بەیاد دێتەوە.

یاد و بیرەوەری چییە؟ جگە لە گەڵا پاییزەیەك کە کەمێك لە "با"دا دەجولێت و خۆی خڕدەکاتەوە و دوایی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە خاکدا کفن دەبێت!



Scanned with CamScanner

# ئەوکاتەی پەژارەی من لەدایك بوو

کاتێك پەژارەی من لەدایکبوو وەکوو پەرستارێکی میهرەبان شیرم پێدا و بە چاوی عاشقانە شەونخوونیم بۆ کرد.

دواتر پەژارەی من وەکوو هەموو بوونەوەرێکی تر گەشەی کرد و پڕ بوو لە جوانی و شادی بەهۆی ئەوەی هۆگری یەکتربووین و هەردووکمان عەشقی خۆمان بەجیهانی دەوروبەرمان بەخشی، چونکە پەژارەی من خاوەن دڵێکی ناسك و میهرەبان بوو و دڵی منیشی ناسك و میهرەبان بارهێنا.

هەرکات بەیەکەوە گۆرانیمان دەچڕی هاوسێکانمان لە پەنجەرەکانیانەوە گوێیان بۆ گۆرانیەکانمان شل دەکرد، گۆرانیەکانی ئێمە وەکوو قوڵایی زەریا و سەیر و سەمەری بیرەوەریەکان بوو.

هەرکات من و پەژارەکەم بەرێگەدا دەڕۆیشتین خەڵکی بەچاوی پڕ لە عەشق و سەیر لە ئێمەیان دەڕوانی و بە نەرمی و شیرینترین زمان دەربارەی ئێمە قسەیان دەکرد لەحاڵێکدا کە هەندێک کەس بە ئێرەییەوە سەیریان دەکردین، چونکە پەژارە لای ئەوان زۆر بەنرخ و پیرۆز بوو. من لەبەر هەبوونی پەژارە شانازیم دەکرد. دواجار پەژارەی من وەکوو چارەنووسی هەموو گیانلەبەرێکی تر مرد و بە تەنیا مامەوە و لە ئەندێشە و تێرامانێدا بە تەنیا بەجێمام.

ئێستا کاتێک قسە دەکەم گوێکانم حەز بەبیستنی دەنگم ناکەن و چیتر هاوسێکانم بۆ گوێپێدان بە گۆرانیەکانم نایەنە پەنای پەنجەرەکانیان و کاتێک لە شەقامەکاندا دەسوڕێمەوە کەس سەرنجم پێنادات و تەنیا ئارامییەک کە دەیدۆزمەوە کاتێکە کە دەنگە دەنگێک کە لە خەودا دەیبستم و دەڵێت:

بڕوانن بڕوانن! لێرە پیاوێک خەوتووە کە خەم و پەژارەکانی کۆچیان کردووە.



Scanned with CamScanner

## گۆڕهەڵکەن

ڕۆژێك خەریکی ناشتنی یەکێك لە زاتە مردووەکانم بووم کە لەناکاو گۆڕهەڵکەنێك هات و وتی: لەنێوان هەموو ئەو کەسانەی کە دێنە ئەم گۆڕستانە تۆ تەنیا پیاوێکی کە خۆشمدەوێت!

پێم وت: وتەی تۆ منی خۆشحاڵ کرد، بەڵام بۆچی تەنیا منت خۆشدەوێت؟

وەڵامی دامەوە و وتی: چونکە کەسانی تر بە گریان دێن و بە گریان دەڕۆن بەڵام تۆ خەندان دێیت و خەندان دەڕۆی!



Scanned with CamScanner

# خودا

کاتێك لێوەکانم بۆ یەکەمجار ئامادەی قسەکردن بوون و جوڵان، لە کێوی پیرۆز چوومە سەرەوە و ئاوەها بانگی خودام کرد:

ئەی خودایە! من تۆم پەرستوە. ویستی شاراوەی تۆ شەریعەتی منە. تا ئەو ڕۆژەی کە زیندووم لە بەرامبەر تۆدا کڕنۆش دەبەم. بەڵام خواوەند وەڵامی نەدامەوە، بەڵکوو وەکوو زریانێکی ترسناك و توڕە لە من تێپەڕی و لە دیدەکانم خۆی شاردەوە.

دوای یەك هەزارساڵ بۆ دووەم جار لە کێوی پیرۆز سەرکەوتم و لەگەڵ خودا بەم شێوەیە قسەم کرد: تۆ منت لە خاکی زەوی دروست کردووە و ڕۆحی مەعنەویەتت ئاوێتەی من



Scanned with CamScanner

کردووە و ژیانت پێبەخشیوم، کەوابوو من خۆم بەقەرزاری تۆ دەزانم، بەڵام خواوەند وەڵامی نەدامەوە و وەکوو هەزاران باڵندە کەوتە فڕین و لێم تێپەڕی.

یەك هەزار ساڵ دواتر لە کێوی پیرۆز سەرکەوتم و بۆ سێهەم جار قسەم لەگەڵ خودا کرد: ئەی باوکی پیرۆز من منالە خۆشەویستەکەی تۆم. بە عەشق و دڵسۆزی منت هێناوەتە سەر دونیا و بە میهرەبانی و پەرەستیش مەلەکوتی تۆ بە میرات دەبەم. ئەم جارەشیان خواوەند وەڵامی نەدامەوە و وەکوو تەم کە گردەکان دادەپۆشێت لە من دوورکەوتەوە.

دوای یەك هەزار ساڵی تر لە کێوی پیرۆز سەرکەوتم و بۆ چوارەم جار قسەم لەگەڵ خودا کرد: ئەی خواوەندی من، ئەی زانا، ئەی کەماڵ و مەبەستی من، من رابردووی تۆ و تۆش داهاتووی منی. من ڕەگەکانی تۆم لە تاریکایی زەویدا و تۆش ڕوناکایی ئاسمانەکانی.

لەو کاتەدا خواوەند بۆلای من نوشتایەوە و چەند وشەیەکی ناسك و شیرینی لە گوێکانمدا چرکاند، هەروەکوو دەریایەك کە



Scanned with CamScanner

روبارێکی سەراوژێر بۆوە لە باوەش دەگرێت، خواوەند منی لە قوڵاییەکانی خۆیدا جێگیر کرد و کاتێك بەرەو دەشت و کێوەکان کەوتمە رەوتەوە خواوەندیش لەوێ بوو.



Scanned with CamScanner

# ڕێوی

لە کاتی خۆرهەڵاتدا ڕێوییەك لە لانەکەی هاتەدەرەوە و بەدۆخێکی سەگەردانەوە ڕوانیە سێبەرەکەی و وتی: ئەمرۆ وشترێك دەهێنمەوە! دواتر ڕێگەی خۆی گرتەبەر و تا نیوەڕۆ بەشوێن وشتردا گەڕا. ئەوکات دووبارە ڕوانیە سێبەری خۆی و وتی: بەڵێ مشکێك بۆ من بەسە!



Scanned with CamScanner

# دوو پیاوچاك

دوو پیاوچاك كه هاوڕێی یەكتر بوون لەسەر لوتكەی كێوێك ژیانیان بەسەر دەبرد و لەوێ خەریكی پەرستشی خودا بوون.

تەنیا دارایی ئەوان قاپێكی گڵ بوو. ڕۆژێك شەیتان دڵی پیاوچاكە پیرەكەی هەڵخزاند و ئەو چوو بۆلای پیاوچاكە لاوترەكە و وتی: ماوەیەكی زۆرە لای یەكتر ژیان بەسەر دەبەین و ئێستاش كاتی ئەوە هاتووە تا لەیەكتر جیاببینەوە، وەرە تا دارایی خۆمان دابەش بكەین.

پیاوچاكە لاوەكە بە بیستنی ئەم قسەیە خەمبار بوو و وتی: ڕۆیشتن ئەوە شتەیە كە دڵی من زامدار دەكات بەڵام ئەگەر ڕۆیشتن بە پێویست دەزانی ڕێگر نابم.

ئەوكات قاپە گڵەكەی هێنا و وتی: براكەم ئەمە تەنیا دارایی ئێمەیە. دابەشكردنی كارێكی دژوارە لەبەر ئەوە باشتروایە ببێتە



Scanned with CamScanner

هی تۆ.

پیاوچاکە پیرەکە وتی: من داوای سواڵ لە تۆ ناکەم و شتێك کە هی من نەبیت هەرگیز وەری ناگرم لەبەر ئەوە دەبێت قاپەکە لە نێوان ئێمەدا دابەش بکرێت تا هەر کامێکمان بەشی خۆی بەرێت.

پیاو چاکە لاوەکە بە میهرەبانیەوە وتی: ئەگەر قاپەکە ببێتە دوو لەت چیتر بۆ ئێمە سوودێکی نییە و چارەیەکمان نییە جگە لەوەی کە تیر و پشك بکەین. پیاوچاکە پیرەکە وتی: من دەمەوێت دادگەری هەبێت و تیروپشك کارێکی بێدادە، من تەنیا بەشی خۆمم دەوێت.

پیاوچاکە لاوەکە وتوویژی بە بێسود زانی و لەبەر ئەوە بەناچار وتی: برا و هاوڕێی من ئێستا کە لەم کارە پێداگری دەکەی کەوابوو قاپەکە بەش دەکەین.

لەناکاو روخساری پیاوچاکە پیرەکە ڕەش هەڵگەڕا و بە سەریدا هاواری کرد و وتی: وەی لە تۆ! تۆ چەندە ترسنۆك و نەزان و هیچی چونکە ناتوانی دوژمنایەتی بکەی!



Scanned with CamScanner

من بێدەنگی لە زۆربڵەییەوە فێربووم،

میانڕەوی لە توندڕەویەوە،

خۆشەویستی لە رقەوەو

لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە

کە هێشتا گەواهی

لەسەر جوانی ئەم مامۆستایانەم نادەم.

جەبران خەلیل جەبران

Scanned with CamScanner

YOGA ASSOCIATION IN KURDISTAN



Scanned with CamScanner